دەسپاکی لە وڵاتی ئیماڕاتەوە بەشی یەکەمی پارەیەکی دزراوی لە تۆمەتبارێک گەڕاندەوە

دەسپاکی فیدڕاڵی ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە بەشی یەکەمی ئەوپارانەی گەڕاندەوەکە تۆمەتبارێک ڕەوانەی ئیماڕاتی کردووە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی دەسپاکی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" فەرمانگەی گەڕانەوە لەمیانەی کۆششەکانیدا توانی بەشی یەکەمی ئەوپارانە بگەڕێتەوەکە تۆمەتبارێک لە بانکێکی ئیماڕات کۆگەی کردبوو.

ڕوونیشی کردەوە کە دادگای تاوانەکانی ناوەندی عێڕاقی لەساڵی 2005 بڕیارێکی زیندانیکرنی هەشت ساڵی دەرکرد بۆ تاوانبارێک کە پاش ڕووداوەکانی ساڵی 2023/4/9، بانکەکانی دزیوە و بڕیاری دەستگرتنیشی دەرکرد بەسەر بڕی 500٬000 هەزار دۆلار کە لەبانکێکی ئیماڕاتدا هەڵیگرتبوو.

هەروەها بەیاننامەکە وتیشی پارە گەڕاوەکە لە ئیماڕاتەوە حەواڵەی بانکی ڕافیدەین کراوە لەڕێی کۆمپانیایەکی تایبەت بە گەڕانەوەی قەرزەکان ، لەم پڕۆسەیەشدا باڵیۆزخانەی عێڕاقی لە ئەبوزەبی ڕۆڵی گێڕاوە.

وتیشی کە لەدەرەنجامی بەدوواداچوونەکانمان بڕیارێکی دادگای ئیماڕاتی دەرکرا بەوەی کە تۆمەتبارەکە پێویستە 960٬100 هەزار دۆلار بۆ بانکی ڕافیدەین حەواڵە بکات